# هەرێمی کوردستان و ئەگەری دابەشبوونی ئاکپارتی

06-10-2019

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

زریان رۆژهەڵاتی|

**بەرایی**

عەلی باباجان یەکێك لە روخسارەکانی کابینەکانی پێشووتری حکوومەتی تورکیا و لە دامەزراێنەرانی پارتی دادو گەشەپێدان، قۆڵی لێ هەڵماڵیوە تا حیزبێکی تازە درووستبکات. دەمێکە باسی هەبوونی گرووپێکی ناڕازی لەنێو ئەو حیزبەدا دەکرێت کە لە سەرەتای 2000کانەوە تا ئێستا سوکانی دەسەڵاتی تورکیای بەدەستەوەیە.عەلی باباجان حیزب دابمەزرێنێت و داینەمەزرێنێت، کێشەی ناوخۆیی حیزبەکان یەکێك لە گرنگترین بابەتەکانی سیاسەتی ناوخۆی تورکیایە کە ئەمەش دەتوانێت کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوە و جۆری پەیوەندییەکانی ئەنکەرە لەگەڵ هەولێریش دابنێت.

**ئەگەری دابەشبوونی ئاکپارتی**

نەك تەنیا عەلی باباجان بەڵکوو دەنگۆی ئەوە هەیە کە ئەحمەد داودئوغڵوو سەرۆکوەزیرانی پێشووی ئەو وڵاتەش بیر لە دامەزراندنی حیزبێك بکاتەوە. ناڕەزاییەکان لەنیو ئاکپارتی زیاتر دوای هەوڵەکانی سەرۆکی ئەو حیزبە بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی وڵات و کۆکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە دەستی سەرۆکایەتی کۆماردا زیاتر بوون. ناڕازییەکان پێیانوایە ئاکپارتی لەو پرەنسیپانە لایداوە کە بۆی دامەزراوە و وردە وردە دەسەڵاتگەرایی کەس و بنەماڵەیەکی تێدا زاڵ بووە.

هاوکات لەگەڵ ئەوانەشدا، تورکیا بەرەبەرە وازی لە ریفۆرمەکانی تایبەت بە ئەندامبوون لە یەکێتی ئەرووپا هێنا و گەڕانەوەیەکی لە ئیسڵاح و دیموکراسی دەستپێکرد و لە جیاتی ئەوەش، سیاسەتی پشتبەستوو بە ئەمن و ئاسایشی گەشەپێدا کە ئەمەش وایکرد، تا دەماری نەتەوەگەرایی- ئیسلامی لە نێو ئاکپارتی بەهێزتر بێت. کۆنترۆڵەکانی سەر ئازادی دەربڕین زیادیان کرد و لە پرسی کوردیشدا گەڕانەوەیەك بۆ دواوە دەستپێێکرد. لە ئاستی سیاسەتی دەرەوەشدا ناکۆکییەکان لەگەڵ ئەوروپا و ئەمریکا زیاتربوون و نزیکبوونەوەی زیاتر لە رووسیا و وڵاتانی ناوچەکە کرا.

بێشك، هاوتەریب لەگەڵ ئەمانەشدا، ئابووری تورکیاش گەشەکردنەکەی جارانی نەما کە هۆکارێکی سەرکەوتنی ئاکپارتی بوو. لەدوای 2015وە تەکانەوەی دامەزرێنەران و کەسانی دیاری ئەو حیزبە زیاتربوو. دوابەدوای ئەوەش رێژەی دەنگەکانی ئاکپارتی لە هەڵبژاردنەکاندا بەرەبەرە کەمیان کرد کە ئێستا وا پێشبینی دەکرێت لە دەوری 34%ی دەنگەکانی تورکیا بێت.

دوای کەمکردنی بەرچاوی دەنگەکانی ئاکپارتی لە هەڵبژاردنە محەلییەکانی ئەمساڵدا، دەنگی ناڕەزایی لەنێو ئەو حیزبە زیاتربووو.عەلی باباجانیش وەك دیارترین رووخساری ئەم قۆناخە دەرکەوت. بەپێی ئەو زانیارییانەی بڵاو کراونەتەوە، کۆبوونەوەی ئەردۆغان- باباجان لەسەر ئەگەری گەڕانەوەی باباجان بۆ ناو کابینە سەرینەگرتووە و باباجان چەندجارێك جەختی کردۆتەوە کە ئاکپارتی لەو هێڵانە لایداوە کە 2002 بۆ ئەوانە دامەزرابوو. هەرچەندە هیشتا بەڕەسمی هیچ شتیك لە ئارادا نییە بەڵام، هەندێك لە سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کە بە ئەگەری زۆر، باباجان لە پاییزدا حیزبێکی نوێ درووستدەکات. ئەو بانگەشەی عەدالەت و ئازادی دەکات و کەسانی وەك عەبدوڵا گویل، نیهاد ئەرگوین، حسێن چەلیك و مەحمەت شیمشەك و بەشیر ئاتاڵای لەگەڵدایە. جگە لە خەتی ئاکپارتیی 2002، کەسانێکی گەنج و بیرۆکرات لە ئەرووپا و ئەمریکا لەگەل بەشێك لە خاوەنکار و بازرگانەکان ،کەسانی لیبراڵ و بەشێك لە موحافزەکارەکانی کوردیش پشتیگریی لە باباجان دەکەن.

ژمارەیەك لە کەسانی نزیك لە ئاکپارتی پێشبینی ئەوە دەکەن کە ئەگەر باباجان حیزبێکی تازە دابمەزرێنێت، 3%-4%ی دەنگەکان ببات. بەڵام، کەسانی نزیك لە باباجان ئەو رێژەیە بە 18% دەزانن. هاوشانی ئەوەش، ئەحمەد داودئوغڵوو، جموجۆڵێکی بۆ کاریکی سیاسی تازە دەستپێکردووە. بەڵام، زۆرلا کۆکن لەسەر ئەوەی کە لایەنگریکی زۆری نییە و ئەگەری رێککەوتنی لەگەڵ یەکێك لە باڵەکانی ئاکپارتی، واتا باباجان یان ئەردۆغان زیاترە.

**هەرێمی کوردستان و ئەگەری دابەشبوونی ئاکپارتی**

حاڵی حازر، نەك تەنیا ئاکپارتی بەڵکوو گرنگترین ئەحزابی سیاسی لە تورکیا کێشەی ناوخۆییان هەیە. دەکرێت باس لە هەبوونی سێ باڵی جیای کەمالیستەکان، نەتەوەگەراکان و چەپەکان لەنێو پارتی گەلی کۆماری بکرێت. مەهەپە دابەشبوونیکی گەورەی لێ درووستبوو کە دواجار ئیی پارتی لێکەوتەوە و ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەم ئیی پارتی، هەم مەهەپەش کیشەی ناوخۆییان هەیە. هەدەپەش کیشەیەکی سەرداپۆشراوی نەتەوەگەراکانی کورد و چەپەکانی تێدایە و پۆتانسیەلی دەرەکەوتنی کێشەی لایەنگرانی ئۆجالان و ئەوانی دیکەشی لە هەناودایە.

لەماوەی نزیکەی دوو دەیەی رابردوودا، ئاکپارتی سوکانی دەسەڵاتی تورکیای بەدەست بووە وئەمەش وایکردووە کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی ئەنکەرە- هەولێر و ئەنکەرە لەگەڵ کوردەکانی باکوور هەبێت. ئەگەری دابەشبوون حیزبەکەی، ئەردۆغان پاڵدەنێت تا زیاتر بەرەوە نەتەوەگەراکان بچێت یان پرۆسەیەکی جیاواز بۆ ئاشتکردنەوەی کورد دەستپێبکات. هەڵبەت تا ئێستا، نیشانەکان زیاتر ئەگەری سەرگرتنی بژارەی یەکەم پیشاندەدەن.عەلی باباجان حیزب درووستبکات سیاسەتی ناوخۆی تورکیا دەگۆڕێت و هاوسەنگییەکان سەرلەنوێ تەعریف دەبنەوە. حیزبیش درووستنەکات و رێگەی رێککەوتنەوە لەگەڵ ئەردۆغان هەڵبژێریت، دیسان سیاسەتی ئاکپارتی بەرەو گۆڕان دەچێت.

بۆ هەرێمی کوردستانیش واباشترە کە لە پەیوەندییەکانی خۆیدا لەگەڵ تورکیا، ئەگەری ئەو گۆڕانکارییە لە پێشچاو بگرێت. لەگەل ئەوەی کە ئاکپارتی هێشتا بەهێزترین حیزبی تورکیا بەڵام ناڕازییەکانی ناوخۆ و حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش کەم نین و ئەمە وادەکات کە فراوانکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ لایەنە جیاوازەکانی تورکیا بە قازانجی هەرێمی کوردستان بێت. واتا بیرێك لە قۆناخی پۆست ئاکپارتیش بکاتەوە.